سودانی بانگهێشتی فیدراسیۆنی پیشەسازی و ژوورە بازرگانییەکانی چیک دەکات بۆ سەردانی عێراق

محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، ئەمڕۆ پێنجشەممە، بانگهێشتی فیدراسیۆنی پیشەسازی و ژوورە بازرگانییەکانی چیک و کۆمپانیاکانی چیک و بازرگانانی کرد بۆ سەردانی عێراق.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران لەڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە" سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی و هاوتا چیکییەکەی پیتەر فیالا ئامادەی کۆبوونەوەیەکن کە تیایدا سەرۆکی ژووری بازرگانی عێراق و سەرۆکی فیدراسیۆنی پیشەسازی عێراق و هاوتا چیکییەکانیانی لێخۆگرت، و بۆ ئامادەبوونی باڵیۆزانی هەردوو وڵات و جێگری سەرۆکی دەستەی نیشتمانی وەبەرهێنان.

وتیشی هەردوولا پشتیوانی خۆیان بۆ کەرتی تایبەت لە هەردوو وڵات دووپاتکردەوە، لەپێناو پڕۆپەدانی هاوکاری و کاری هاوبەشی تایبەت بە دەرفەتی وەبەرهێنان لە بوارە جیاجیاکان لە عێراق.

سودانی ئاماژەی بۆ گرنگی بوونی کۆمپانیا چیکییەکان بۆ عێراق کرد، بەتایبەتی لەگەڵ ئەو پشکۆتنەی کە وڵات لەبوارە جیاجیاکاندا بەخێیوە دەیبینێت و ئاماژەی بەبانگهێشت کردنی کۆمپانیا چیکییە تایبەتمەندەکان بۆ بیناسازی کرد و عێراق بناغەی دروستکردنی یەک ملیۆن یەکەی نیشتەجێبوونی داناوە.

سەرۆک وەزیران جەختی لەسەر گرنگی بوونی لیژنەیەکی ئامادەکاری لە فیدراسیۆنە پیشەسازیەکانی هەردوو وڵات کردەوە، بۆ بەردەوامی کارە دووقۆڵییەکان و ئەنجامدانی پڕۆژەیەک بۆ کەمپانیا چیکییەکان لەبەغداد، هەروەها بەڕێزیان بانگهێشتی فیدراسیۆنی پیشەسازی و ژوورەکانی بازرگانی چیک و کەمپانیا و بازرگانانی چیکی کرد بۆ سەردانی کردنی عێراق.

لە میانی کۆبوونەوەکەدا باس لە پێکهێنانی ئەنجوومەنی بازرگانی هاوبەش کرا، بۆ کارئاسانی بۆ کاری بازرگانان، ئەمە جگە لەوەی باس لە دامەزراندنی بناغە بۆ پرسی پێدانی ڤیزا و ئاسانکاری بۆ هاتنە ناوەوەی وەبەرهێنەران بۆ ئەو دوو وڵاتە کرا.